# دوو پارچە هۆنراوە

پایزە ئەحمەد



## سۆز

لەنێو ئاسۆی چاوەکانتا
شتێک نییە وەدینەکەم
دە تۆش بە سۆزی چاوانت
وەرە وەژوور دڵمکەوە
تاکو منیش لە پێشوازییت
باوەشی گەرمی پڕ سۆزمت
بۆ بکەمەوە ..
نهێنییەکانمت بەگوێدا
بچرپێنم :
دووریی و غوربەتی رابردووم
ئەشق و ئاوازی ئەمێستام
سۆز و ئەوینی داهاتووم..
هەمووی تێکڕا،
هۆ گوڵەکەم
ئەمن هەرگیز
لە ناسین و هەبوونی تۆ
سارد نابمەوە،
ئەی ئەوە نییە
لە نێو چاوی خوماری تۆ
ئیلهامی شیعر و سۆزی خۆم
دەهۆنمەوە !

# سەرمەستیی

له ئەندێشەی بێهۆشیمدا
دونیا دەکەم
به کاسێتێک چەپڵەڕێزان
به بەهەشتێک لەدیو زەمەن،
گەلۆ وەرن
وەرن ئێوەش
له پێدەشتی جیهانی من
جیهانی وون .. بارگە بخەن
بێ مەی ، بێ ماچ ، بێ راماوسان ..
سەرمەستدەبن.

payzeehmed@hotmail.co.uk